کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-12-2006 10:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تەنگژەی رژێم لە سوریاو ئاسۆکانی گەلی کورد ... ستیڤان شەمزینانی




دوا بەدوای کردەوەی تیرۆرکردنی سەرکردەی سیاسی سوننی لوبنانی (ڕەفیق حەریری) دەرگایەکی نوی بۆ چەند گۆڕانێکی نوی لە بارودۆخی سیاسی هەریەك لەولاتی سوریاو لوبنان کرانەوە.

ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە کە هێزە دەرەکییەکان چاودێرن بەسەرییەوە و دەستیان تێیدا هەیە تەنگژەیەکی گەورەی بۆ رژێمی ئەسەد لە سوریا دروست کردووە کە دور نییە لە درێژماوە و لە ئەنجامدا ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی گۆڕانی سیستمی دەسەلات و فۆرمی دەولەت لە سوریا.

حکومەتی سوریا کە مۆتیڤەکەی حیزبی بەعسی عەرەبییە و خاوەنی ڕوانگەیەکی شۆڤێنی و فاناتیزمە بەیەکێك لەو دەسەلاتدارێتییە دێتە هەژماردن کە نەیاری سەرسەختی پرۆژەی دیموکراتی و وەرچەرخاندنی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستن بە ئاقاری ئازادیی و چەسپاندنی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ و هتد...

زۆر بەڕوونیش دژایەتی سیاسەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەکەن لە عێراقدا بەلکو بوونەتە مایەی کۆسپ و نارەحەتی لەبەردەم پرۆژەکانیاندا کەلەلای من وایە ئەو پڕۆژانە ئەو ستراتیژە دیموکراتییەیە کە ئەمریکا دەیەوی ڕەنگی ناوچەکەی پێبرێژێت و دەسەلات و مەیلەتوندڕۆ و تۆلیتارییەکان بەرتەسك بکاتەوە.

بێجگە لەوەی لەناوخۆی ولاتدا سوریا چەسپێنەری دەمارگیریی عەرەبی و حوکمی پۆلیسی و تۆڕی هەوالگیری نهێنییە، تۆمارێکی ڕەشی هەیە لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئازادییەکان و تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی (شێخ مەعشوق خەزنەوی نموونەیەکی زۆر نزیك و نوێیە) بەدەر لە هەموو ئەمانەش گەلی کورد لەچوارچێوەی ئەو دەولەتەدا وەلی بەهاولاتی و خاوەن ناسنامە حیساب ناکرێن و بی بەشن لەگشت مافێکی نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگی، بەلکو لەگەل سیاسەتی توندوتیژانەو ئاپارتایدی ڕەگەزی و ئیتنیکی بەرەو ڕوون، هەموو لەبیرمانە کە چۆن ئەو رژێمە لە سەرەتای سالی 2004 گۆمی خوێنی لەشاری قامیشلی هەلستان و چۆن و بەچ جۆرو فۆرمێك کەوتە وێزەی دانیشتوانی کورد؟ بەچ ڕێگاو شێوەیەکی نامرۆڤانە پەلاماری هاولاتیانی کوردیان داو ڕاپێچی زیندان و هۆلەکانی ئەشکەنجەدانیان دەکردن؟

بەکورتی هەلوێستی دەولەت لە سوریا لە دڕندایەتی کەمالیزم لە تورکیا و سەدامیزم لە عێراق کەمتر نەبووە و نییە.

ئێستا ڕژێمی بەعس لە سوریا لەلایەن ئەمریکاو کۆمەلی نێودەولەتییەوە سەرکۆنە دەکرێت و هانی هانییەکی زۆری لەسەرە، بەدەر لەهەموو تەنگوچەلەمەکانی ئەو ڕژێمە بەلام دوو حالەتی تایبەتی مەلەفی سوریای زەق کردۆتەوە و وایکردووە کە ببێتە میحوەری هەلوێست وەرگرتن لەبەرامبەریدا.

یەکەم/ دزەکردن یان ڕاستتر وایە ڕێگە خۆشکردن بۆ شانە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان تا بەئاسانی سنوور ببەزێنن و بێنە قولایی خاکی عێراقەوە بۆ بەرەنگاریی یەکە سەربازییەکانی هاوپەیمانان.

دەسەلاتدارانی سیاسی و سەربازیی ئەمریکا چەند جارێك بەشێوەیەکی فەرمی ئاگاداریی دەسەلاتی سورییان کردەوە کە ڕێگەبگرن لەدزەکردنی تیرۆریستان و خالە سنوورییەکانی خۆیان لەگەل عێراق

قایم بگرن، بەڵام ئەم داواکارییە نەك هەر پشتگوی خراوەو دەخری لەلایەن سوریاوە بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ تیرۆریستان بەلێشاو دێنە عێراق و کردەوەی تیرۆریستی بەرامبەر بەعێراقییەکان و هێزەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدەن.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆبکری ئەوەیە ئەمریکا لەسەر زاری سەرۆك جۆرج بۆشەوە لەڕۆژی کردەوەی تیرۆریستی هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی جەنگیان لەدژی تیرۆر ڕاگەیاندووە، ئەمریکا تیرۆر لەکوی ببینی لەوی ئامادەیە نەبەردی بنوێنی و ڕووبەڕووی ببێتەوە، هەنووکە سوریا خەریکە تێوەدەگلی لەو شەڕەی کە ئەمریکا دژی تیرۆر ئەنجامی دەدا ئەمیش بەهۆی ئاشکرابوونی هاوکاریی سوریا بۆ تیرۆریستان بەتایبەتی ئەوانەی لەعێراق مانۆڕی خۆ تەقاندنەوە بەڕێوەدەبەن.

دووەم/ تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری قومبەلەیەك بوو بەجەستەی دەسەڵاتی سیاسی سوریادا تەقییەوە، هەر لەیەکەمین ساتەکانی تیرۆرکردنی حەریریدا هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەدەچوون دەوڵەتی سوریا و دەزگای هەواڵگیری ئەو وڵاتە بەرپرسیار و ئەنجام دەری ئەو کردەیە بوون.

مەسەلەی تیرۆرکردنی حەریری ڕێگە خۆشکەربوو بۆئەوەی سوپای سوریی لە لوبنان پاشەکشێی پی بکرێت، هەرواش کەوتەوە دواتر بڕیاری 1559 دەرچوو کە پەیوەست بوو بە پاشەکشەو گەڕانەوەی یەکە سەربازییەکان و موخابەراتی سوریا لە لوبنان، سەرەنجام سوریا نەیتوانی بەرەنگاریی بکات بەناچاریی ملی بۆئەو بڕیارە کەچ کردو لە لوبنان پاشەکشەی بەهێزەکانی کرد.

دوای لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای سەرەداوەکانی کردەوەی تیرۆرکردنی حەریری و، ئاشکرابوونی رۆڵی ژێر بەژێری سوریا لەو کردەوەیەدا، ئەمجارە بڕیاری 1559 ی تایبەت بە کوشتنی حەریری و بڕیاری 1636 پەیوەست بە هاوکاریی تەواوی رژێمی سوریا لەگەڵ لیژنەو تیمەکانی لێکۆڵینەوەی کوشتنی حەریری دەرچوو. ئەم بڕیارە سوریای ناچارکرد کە کارئاسانی بۆئەو لیژنەو گروپە نێونەتەوەییانە بکات کە بەدوای وردەکارییەکانی ئەو کوشتنەوە بوون، بەڵام سەرجەم تیم و لیژنەکان تەئکیدیان لەسەرئەوە کردەوە کە سوریا پابەندی ئەو بڕیارە نییە و هاوکاریی وەك پێویستیان لەگەڵدا ناکات، ئەمە نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچارکرد بڕیاری 1644 دەربکات، ئەم بڕیارە هۆشداریی دەدات بە دەوڵەتی سوریا خۆی لەکاری تیمەکان نەدزێتەوە و هەماهەنگییەکی پێویست و جیدییان لەگەڵدا بکات. دەبنینین سوریا سنووری پێوانەیی شکاند لەدەرچوونی چەندین بڕیار لەماوەی تاکە ساڵێکدا. بەهەرحاڵ ئەم دوو فاکتۆرەی لەپێشەوە باسمکرد دوو هۆکاری سەرەکین لەنابووت بوونی رژێمی سوریا و ڕەنگبی لە ئاکامدا چارەنووسی رژێم بەمەرگ بگەیەنی کە ئاواتی هەموو گەلی سوریایە.

لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ڕاکردنی (عەبدولحەلیم خەدام) ی جێگری پێشووی سەرکۆمار بوو کە هەر لەساڵی 1970 تاکاتی هەڵهاتنی لە سوریا بەشێك بووە لە دەسەڵات و قەراراتی سیاسی لەو وڵاتە دۆستێکی هەرە نزیك و متمانە پێکراوی (حافز ئەسەد) بوو، ڕەنگیشە بەشێك لە تاوانەکانی ڕژێم لە ئەستۆی وی بێت و هەر بەم دان پێداهێنانە ڕووی تاوانەکانی سپی نەبێتەوە.

گرنگتر لە ڕاکردنەکەشی ئەو دانپێدانانە بوو کە لەڕێی شاشەی کەناڵی (العربیە) وە درکاندی و ئاماژەی کرد بەسەرجەم تاوانەکانی ڕژێم و ئەوانەشی گومانیان لەسەربوو پشت ڕاستی کردنەوە هەروەها لەنێوانیاندا ئاماژەی بەوەکرد کە خودی دەوڵەت و بەشار ئەسەد دەستیان هەبووە لە تیرۆر کردنی سەرۆك رەفیق حەریری و کۆی ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی (میلیس) دا هاتبوو پشت راستی کردەوە، ئەمەش جارێکی تر میسداقییەتی ئۆپۆزسیۆنی سوریای سەلماند بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆنی کوردیی کە دەمێك ساڵە لەبارەی جینایەتەکانی رژێمی سوریاوە کە دەرهەق بەگەلی کورد و عەرەب دەکری هۆشداریی دەدات بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی، هەموو ئەم پێشهات و ئاڵوگۆڕە سیاسیانە لەسەر گۆڕەپانی

سوریادا بوونەتە هۆكارێك كە رۆژ لە دوای رۆژ هەیكەلی ئەم دەسەڵاتە فشۆڵتر دەكات و بەرەو لاوازییەكی وایدەبات كە لەداهاتوودا چیتر ناتوانی خۆی ڕابگرێت یان ئەوەتا دەبێت دەستبەرداری خولیا سەرشێتەكانی بێت.

ئەم بارودۆخە نوێیە ئاسۆیەكی ڕوونو گەشاوە لەبەردەم بزوتنەوە و دۆزی گەلی كوردستان لە سوریا دەكاتەوە و پێموایە دوور بی یان نزیك لەو بەشەدا خۆری ئازادیی هەڵدێت.

ئەوەتا لەو كۆنفرانسەی رۆژی 2005/12/1 لەتەلاری پەرلەمانی فەرەنسا لە پاریسی پایتەخت لەبارەی مەسەلەی كورد سازدرا، لەژێر رۆشنایی ئاڵوگۆڕە تازەكانی سوریا تیشكیش خرایە سەر بارودۆخ و ژیانی كۆمەڵی كوردستانی لەوبەشە داگیركراوەدا كە ئەمە یەكێك لەو كۆنگرە نێودەوڵەتییە دەگمەنانەیە كە باسی كوردی رۆژئاوای تێدا دێتە باسكردن.

شتێكی بەڵگەنەویستە لاوازبوون و فشۆڵ بوونی هەر ڕژێمێكی داگیركەری كوردستان زیانی بۆ هەركەس هەبێت بەخێرو شادیی و ئازادیی بۆ گەلی كورد دەگەڕێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەم تەنگژەیەی ئەمرۆ ڕووی لەدەسەڵاتی سوریا كردووە ئاسۆی كوردی لێوە هەڵدێت، ئەو ئاگرەی ئەوانی پێدەسووتێن ڕووناكییە بۆ ڕێگای سەربەستیمان.

Shamzini79@hotmail. com